# ڕۆڵی مامۆستا عەلادین سەجادی لەناساندنی بەشێک لەشارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان ،لەکتێبی گەشتێک لەکوردستانا.

پ.د. عرفان رشید شریف[1]

**نووسەری پەیوەندیکار:** پ.د. عرفان رشید شریف[1]


## پوختە

بەشێک لە مەلا و زانایانی کوردستان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و خزمەتکردنی گەل و وڵات نیشتمانی خۆیان بە جێهشت و لە بەغدای پایتەختی عێراق گیرسانەوە هەر یەکێک لەو زانایانە شوێن پەنجەیان لە بوارە زانستیە جۆراو جۆرەکان دا بە دەرکەوت و بوونە پێشەواو پێشەنگی زانستخوازان و ڕوناکبیران، مامۆستا عەلادین سەجادیش یەکێک لەو زانا ئەدیب و ڕۆشنبیرانەی کە خەرمانێکی مەزنی لە بواری ئەدەب و مێژووی ئەدەبی کوردی بۆ بە جێهێشتووین بە تایبەتی لە ناساندنی بەشێک لەمێژوو جوگرافیا و داب و نەریتی چەند شار و شارۆچکەیەکی باشووری کوردستان ئەویش لە گەشتێکی ٣٩ ڕۆژی لە ساڵی ١٩٥٥ ی زاییندا لەباشووری کوردستان، کە لە کتێبی (گەشتێیک لە کوردستانا) تۆماری کردووە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر تیشکی خستۆتە سەر چەندین لایەنی گرنگ کە لە و گەشتەدا مامۆستا عەلادین بەچاوی خۆی بینیونی و پرسیاری کردووە و ڕاستیەکانی وەکو خۆی تۆمار کردووە. ئەمەش بوار ئەرخسێنێ بۆ توێژەران کە هەر یەکێک لە ئاستی خۆیەوە گرنگی بەو لایەنانە بدات و خزمەتێکی دیکە بە خەرمانی مێژوو ئەدەبی گەلەکەمان بکات.


## 1. پێشەکی

خزمەتی زانایانی کورد بە ئایین و نیشتمان ئەوەندە زۆر و لەبەرچاوە هەرگیز ناتوانرێت بە چەند توێژینەوە و کتێبێک مافی خۆی پێ بدرێت، زانا گەلێک لەپێناو بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و خزمەتی ئایین لەلایەک و، ئاوڕدانەوە لە خاک و خەڵک و نیشتمان لە لایەکی دیکەوە بۆتە خولیا و پیشەیان و زۆربەیان بە ئاهی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و زێدی خۆیان سەریان ناوەتەوە و بۆ هەتاهەتا لە دیمەنی جوان و بەهەشت ئاسای نیشتمان بێ بەش بوون. خەرمانی پڕ بەرەکەتی ئەم زانا کوردانە لە چینی حەیدەریەکان بۆ چەند سەدەیەک و سەنەویەکان کە لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو بەغدا رۆشتن و تیایدا گیرسانەوە تا زەهاوییەکان و چەندانی تر بۆتە هەوێنی ناساندنی گەل و خاک و خەڵکی ئەم وڵاتی کوردەوارییە، لە ڕووی زمان و ئەدەب و هونەر شیعر و زانستە عەقڵی و نەقلیەکان تا نووسینەوەی مێژوو بەشداریکردن لە پۆستە ئیداریە باڵاکانی وڵات گەواهی خزمەتی ئەم کەڵە زانایانەن، ئەگەر وڵاتێکی وەکو عێراق مێژووی خۆی بنوسێتەوە و پێسکەشی گەلانی جیهانی بکات ئەوا بەدڵنیاییەوە سەرقافڵەی گەلێک کاری جوان و نایاب و بەڕێوەبردن و پێشەوایەتی لە بواری فقە و فیکر و مێژوو ئەدەب و شیعر، مەلا و زانا کوردەکانی ئێمە دەبن و ، لەلاپەڕەی ئەو مێژووە نوسراوەدا وەکو ئەستێرە پڕشنگدارەکانی ئاسمانی کوردستان دەدرەوشێنەوە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادیش( ١٩٠٧ز – ١٩٨٤ز) بەیەکێک لەو ڕەمزە زانستی و ئەدەبیو مێژووییانە دێتە هەژمار کە هەموو تەمەن و توانای خۆی لەپێناو زمان و ئەدەبی گەلەکەی بەخت کردوو، توانی بەخامە ڕەنگینەکەی سەدان لاپەڕە لەسەر ئەدەب و شیعر و مێژووی ئەدەب و زمان و کلتور و قسەی نەستەقی ئەم میللەتە بنوسێ، ئەگەر بەرێزیان نەبونایە ئەوا کەلێنێکی مەزن لە کتێبخانەی کوردی دروست ئەبو، کە ئەستەم بوو جێگەی پڕ بکرایەتەوە.

## 2.گرنگی ئەم توێژینەوەیە:

ئەم توێژینەوەیە وێرای ستایش کردنی زانایەکی مەزنی گەلی کورد ونرخاندنی هەوڵە مەزنەکانی و خستنە ڕووی ئەو هەڵ و ماندوو بوونانەی کە لە پایتەختی عێراق و لەناو جەرگەی دەسەڵاتداری دژە کوردا داویەتی و بۆتە تەواوکاری پرۆژەی خەباتی چەکداری پێشمەرگە، کە ئەوان بەهێز دوژمنیان نابوود ئەکرد و مامۆستا سەجادی و هاووێنەکانی بە پێنووس بەرگریان لە زمان و ڕەسەنایەتی ئەم گەلە دەکرد، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە مامۆستا ناوی شارو شارۆچکە و شاخ و گەڕەک و پێدەشت و کەش و هەواو لایەنی مێژوویی و، جوگرافی و ناوی کەسایەتیە ئیداریەکانی تۆمارکردوە بەجۆرێک بۆتە بناغەیەکی پتەو بۆ توێژەران و ڕوناکبیران تا لەژێر سێبەری ئەم هەلە گرنگە دا خەرمانی خۆیان سووربکەن.

## 3.توێژینەوەی هاووێنە:

پاش گەڕان و پرسیاری توێژەر توێژینەوەی هاوێنەی بەرچاو نەکەوت، هەروەک نامەی خوێندنی باڵا و کتێبی تایبەت لە کتێبخانەکاندا تۆمارنەکراوە.

## 4.شێوازی توێژینەوەیە:

شێوازی ئەم توێژینەوەیە لەجۆری خوێندنەوەیە بۆ یەکێک لە کتێبە بەنرخەکانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، هەڵوێستەکردنە لەسەر خاڵێکی گرنگی ئەم کتێبە ئەویش رۆڵی مامۆستایە لەناساندنی بەشێک لەشارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان لە گەشتێکی مامۆستادا لەساڵی ١٩٥٥ ی زاینی، هەروەک خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (گەڕانێک لە بەینی ١٨١٦ کیلۆمەتر لەخاکی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12426]
- **Submission Date:** [**28/2/2026**], **Accepted Date:** [**4/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

کوردەواری)، هەر بۆیە پشت بەستنی تەواومان لەسەر خودی کتێبەکە بووە و بەم جۆرە دابەشمان کردووە.

پێشەکی کە چەند بڕگەیەک لەخۆ دەگرێت لە گرینگی توێژینەوەکە و توێژینەوەی هاوێنە و، شێوازی نووسینی توێژینەوەکە لای توێژەر، پاشان دەستپێک یەکەم: ژیانی مامۆستا سەجادی و بەرهەمەکانی لە خۆ دەگرێت.

دووەم : ئاماژەدان بە کەسایەتی مامۆستا لە گەشتەکەدا.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو باس پێکدێت، باسی یەکەم بە ناونیشانی ئەو شارو شارۆچکانەی کە مامۆستا سەردانی کردوون کە چوار تەوەرە لە خۆ دەگرێت.

تەوەرەی یەکەم: شارو شارۆچکەکان.

تەوەرەی دووەم: دوور و نزیکی لەناوەندەکانی شار و سەرژمێری دانیشتوان .

تەوەرەی سێهەم: تایبەتمەندی شار و شارۆچکەکان.

باسی دووەم: گرینگی شارو شارۆچکەکان لەڕووی هەڵکەوتەی مێژووییەوە.

تەوەرەی یەکەم: شوێنە مێژووییەکان.

تەوەرەی دووەم: ئاستی خوێندن و نووسینی کوردی و شیعر لەناو خەڵکی ئەم شار و شارۆچکانەدا.

تەوەری سێیەم: گرنگی ئەم گەشتە لە لای نوسەر.

پاشان بەدیاریکردنی دەرنجەمەکان و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە توێژینەوە کە دێت.

دەستپێک : ژیاننامەی مامۆستاعەلادین سەجادی

ناو و نازناو: (عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدین)ە، لەبنەماڵەی سەجادی یە.( نەقشبەندی فاروق، عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمەئەدەبیەکانی:14)

لەبنەماڵەی سەجادی یە، ساڵی لەدایک بوونی بە1907 زاینی دیاریکراوە (ئینسکلوپیدیای کوردوکوردستان:202--203/:1)

ئەگەرچی فاروق نەقشبەندی ساڵی لەدایک بوونی بە1915 دیاریکردوە( نەقشبەندی فاروق،عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمە ئەدەبیەکانی:14)، بەڵام ڕای بەهێز بۆساڵی لەدایک بوونی ساڵی 1907ی زایینیە.

شوێنی لەدایک بوونی: لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ولەگوندی کەلجی لەخێزانێکی نیشتیمانپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە.(نەقشبەندی فاروق،عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمەئەدەبیەکانی:14)

بەڵام ئینسکلوپیدیای کوردوکوردستان ڕایەکی دیکەی تۆمارکردوە کەلەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەگەڕەکی قەتاریان ی ئەوشارەلەدایک بووەو پاشان لەساڵی1926ی زایینی لەگەڵ خێزانەکەیداهاتوەتەشاری سلێمانی .( ئینسکلوپیدیای کوردوکوردستان :1/202)

خوێندنی:

مامۆستاعەلادین سەجادی سەرەتای خوێندنی لەحوجرەکانی کوردستانەوە دەستی پێکردوەو ، لەشاری سلێمانی لەمزگەوتی شێخ جلال و مزگەوتی حاجی مەلاڕەسوڵ و مزگەوتی شێخ باباعە لی خوێندویەتی ،لەساڵی 1938ی زاینی بڕوانامەی زانستەشەرعیەکانی لەخزمەت مامۆستاشێخ باباعەلی تەکیەیی وەرگرتوە .(نەقشبەندی فاروق ،عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمەئەدەبیەکانی :202)

پاش وەرگرتنی مۆڵەتی زانستەشەرعیەکان وەکو عادەتی هەموومەلایەکی مۆڵەت وەرگر سەرنج لەسەرشوێنێک دادەنێت بۆئەوەی لەڕووی ئاینیەوە خزمەت بکات، بۆئەومەبەستە مامۆستاسەجادی ڕوودەکاتە شاری بەغداو لەمزگەوتێکی بچووکی گۆڕەپانی مەیدان بەناوی نەعیمە خاتوون دەبێتە پێشنوێژ ، لەپاڵ پێشنوێژیەکەیدا سەرقاڵی خزمەتە ناوازەکانی دەبێت لەخزمەت کردن بەئەدەب و شیعرو مێژووی ئەدەبی کوردی .

لە بواری خزمەتکردنی لەبواری ڕۆژنامەنووسی لەساڵی 1939 لەم بوارەدا خزمەتی کردوەو، لەساڵی 1941ی زاینی بۆتەبەڕێوەبەری گۆڤاری گەلاوێژ وبەهاوکاری ئیبراهیم ئەحمەد 105ژمارەیان لێدەرکردوە، پاشان گۆڤاری نزار ی بەعەرەبی وکوردی دەرکردوە، کەتاژمارە 22 ی لێدەرکردوە.(نەقشبەندی فاروق، عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمەئەدەبیەکانی:14، ئینسکلوپیدیای کوردوکوردستان:1/202).

بەرهەمەکانی مامۆستاعەلادین سەجادی:

1. مێژوو ئەدەبی کوردی ،ساڵی 1952 بەغدا،چاپخانەی مەعاریف.
2. ناوی کوردی،1953بەغداچاپخانەی مەعاریف.
3. ڕشتەی مرواری، هەشت بەرگ لەنێوان ساڵانی 1953تا1982 لەبەغدابەچاپی گەیاندوون.
4. گەشتێک لەکوردستانا1955 بەغدا.
5. شۆڕشەکانی کوردوکۆماری عێراق .1959
6. هەمیشەبەهار .1960
7. دەستووروفەرهەنگی کوردی 1962
8. نرخ شوناسی 1970
9. دووچامەکەی نالی وسالم 1973
10. کوردەواری 1974
11. دەقەکانی ئەدەبی کوردی 1978
12. خۆشخوانی 1978
13. گێتی زیندەوەر 2000
14. مێژووی پەخشانی کوردی 2004.(نەقشبەندی فاروق، عەلادین سەجادی ژیان وبەرهەمەکانی:16--17، ئینسکلوپیدیای کوردوکوردستان:1/ 202--203)، (سەجادی،عەلادین:بیبلۆگرافیاو پێرستی لەکتێبی کوردیدا1939--2012: 11بەدواوە).

مامۆستاعەلادین سەجادی لەساڵی 1970 دەبێتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد، لەکاتی ئەم بەشدارییەدا ژمارەیەک وتاری جۆراوجۆری لەگۆڤاری کۆڕی زانیاریدا بڵاوکردۆتەوە(عەلادین

سەجادی ،گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: بەرگی سێیەم ،بەشی یەکەم ،1975)،(نەقشبەندی فاروق:17).
لەساڵی 1974 بۆتەئەمینداری گشتیی ئەوقافوکاروباری ئاینی وبۆماوەی چوارساڵ لەوکارەدابەردەوام بووە.(نەقشبەندی فاروق:18).
لەبواری فێرکردندا ڕۆڵی گرنگی بینیوەو ،وەکووانەبێژی ئەدەبی کوردی لەسەری ساڵی 1959-1960 تاکو1970 لەزانکۆی بەغدا،کۆلێژی ئاداب ،بەشی زمانی کوردی خزمەتی کردوەو ،بەرنامەی بۆلێکۆڵینەوەی ئەدەبی وڕەوانبێژی وخۆشخوانیو دەقەکانی ئەدەبی کوردی بۆزانکۆ بەشی کوردی داناوە.(نەقشبەندی فاروق، عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمەئەدەبیەکانی:18)
کۆچی دوایی:
سەرەنجام لەدوای خزمەتێکی زۆرووبێ وچان لەبەرواری 13/12/1984لەشاری بەغداکۆچی دوایی دەکات ولەگۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک دەسپێردرێت.(نەقشبەندی فاروق:18)،(دلێرسەجادی، یادی سەجادی:5).
دووەم: کەسایەتی مامۆستا لەم گەشتەدا:
بەدڵنیاییەوە کەسەگەورەو بەرجەستەکان دەبنەخاوەنی سەروەری و، جێپەنجەیان لەزانست ولایەنە جۆراوجۆرەکاندا جێدەمێنێت، مامۆستاعەلادین سەجادی لەم گەشتەیدا خاوەن کەسایەتیەکی نەفس بەرزو هێمن و وورد دێتەبەرچاوو مامەڵەدەکات، چەندین وێستگەی گرنگ بۆتە گەواهی گەورەیی ئەم پیاوەمەزنە،کەبەپێی ژمارە هەڵوێستە نایابەکانی لەم گەشتەدادیاری دەکەین:
1 - لەسەرەتای گەشتەکەیەوە بەشەمەنەفەر دەست پێدەکات لەبەغداوە بۆمووسڵ ،ئەوشوێنەی مامۆستاجێگەی دووکەس دەبێتەوە،ئەبینێ پیاوێکی کورد بەدوای شوێنی دانیشتندائەگەڕێت ،مامۆستائەڵێت: بانگم کردو شوێنەکەی تەنیشت خۆمم دایە ،لەپاشاکابرا بەکۆیی دەرچوو خەریکی چەرچییەتی بوو.(گەشتێک لەکوردستانا:19).
2 - لەتەواوی ئەم گەشتە39ڕۆژیەیدا بۆنووستن لەئوتێل نوستوەو کەم وابوە لەماڵان نوستبێ،ئەمەش هەستی زیندووی مامۆستادەرئەخات کەئەرکی نەخستوەتە سەر ناسیاوودۆستەکانی .
3--پاکوخاوێنی مامۆستا لەهەرڕۆژێکی نوێ کەتۆماری کردوە دەڵێت: سەرلەبەیانی تەراشێکم کرد،ئەمەش گرنگیدانی مامۆستایە بەخۆی ،تەنانەت لەوسەردەمەی کەخزمەتگوزاری ڕۆشتن و پاکوخاوێنی وەکوپێویست نەبوە،مامۆستاوەکوگەڕیدەیەکی دڵسۆزی کورد ویستویەتی پارێزگاری لەپاکوخاوێنی خۆی بکات ولەبەرچاوی کاربەدەستان وخەڵکیدا نموونەیەک بێ لەجوانی.
4--زیندوویەتی مامۆستا لەم گەشتەیدا گرتنی وێنەی ئەوشوێنانەیە کەسەرنجی مامۆستایان ڕاکێشاوە ،بەکامێراتایبەتیەکەی خۆی وێنەی گرتوون ولەچاپی یەکەمی گەشتێک لەکوردستانا دایناون.

5-- گرنگی مامۆستاسەجادی بەنوێژەکانی،لەهەرشوێنێکداکاتی نوێژهاتبێ نوێژی خۆی کردوە،بەنوێژی هەینیشەوە،تەنانەت هەڵسەنگاندنی بۆوتاربێژەکان کردوە،بۆنموونە لەباسی ئاکرێ دەڵێت: من چووم بۆجامیعی مەزن بۆنوێژی جمعە،لەپێشاچوومەژووری هبةالله ئەفەندی، موفتیی ئاکرێ، خەتیبەکەئیلقای باش بوو،بەڵام باسی خوتبەکەیم بەدڵ نەبوو(سەجادی ،گەشتێک لەکوردستانا:34).،بەڵام پەسنی وتاربێژی مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەکات ودەڵێت:خەتیب پیاوێکی گەنج شێخ محەممەدی شێخ عومەری ناوبوو،چووەسەرمینبەر ،لەپێشابەکوردی وئینجابەعەرەبی خوتبەی خوێند،هەم ئیلقای هەم باسی ،هەردووکی زۆرباش بوو، لەسەروتاربێژی یەکێک لەمزگەوتەکانی هەولێر مەلاعەبدوڵلای شناغی ،خوتبەکەی لەخوتبەکۆنەکان بوو(سەجادی،گەشتێک لەکوردستانا:100).
6- سۆزی مامۆستاسەجادی ودەستکراوەیی لەم گەشتەداڕوون ودیارە،لەباسی ئامێدی دادەڵێت: ..... ئیتر ڕێگەی ئۆتۆمبیل نەبوو ، دابەزیم ، منداڵێک باوەڵەکەی بۆ هەڵگرتم و سەرەو خوار بووینەوە، منداڵەکە لە مەکتەب ئەیخوێند، وتی : باوکم نییە منیش شتێکم دایە. (سەجادی،گەشتێک لەکوردستانا:60).
باسی یەکەم:
ئەو شارو شارۆچکانەی کە مامۆستا عەلادین سەجادی سەردانی کردوون.
تەوەرەی یەکەم: شارو شارۆچکەکان.
کتێبی گەشتێک کە لە کوردستانا لە نوسینی مامۆستا عەلادین سەجادی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٥ی زایینی، ئەم گەشتە(٣٩) ڕۆژی خایاندوە و (یازدە) شارو شارۆچکەی لەخۆ گرتووە، مامۆستا لەم گەشتەیدا ئەم شوێنانەی بەسەر کردۆتەوە و تیایاندا ماوەتەوە و چاوی بەکەسایەتیە ئیداریەکانیان کەوتوە ئەو شارو شارۆچکانەش بریتین لە: موسڵ، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک، ئامیدی، هەولێر، سلێمانی کەرکووک، دوکان، قەڵادزێ، بامەڕنێ.
گەشتەکە لە موسڵەوە دەستپێدەکات و لە سلێمانی کۆتایی پێدێت.
تەوەرەی دووەم: دوور و نزیکی لەناوەندەکانی شارو سەرژمێری دانیشتوان.
نووسەر بۆ هەر شارو شارۆچکەیەک ژمارەی دانیشتوانی ناو شارو دەوروبەری بەم شێوەیە تۆمارکردووە.

1. شاری مووسڵ:

سەژمێری ناو شار: ١٥٣٦٦٨ کەس،
هی هەموو لیوا: ٦٥٤٧٠٩ کەس.
دووری مووسڵ لەشاری بەغدا بەشەمەندەفەر (٤١٠) کیلۆمەتر.
دانیشتوانی کورد لەمووسڵ بەپێی ئەوداتایەی کەلەبەردەستدان لەساڵی1922 ی زایینی 83000 کەس

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12426]
- **Submission Date:** [**28/2/2026**], **Accepted Date:** [**4/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

بوه. (د.خليل، كردستان العراق في ضوءالتعدادات السكانية:١٣)

2. ئاكرێ:

مامۆستا عەلادین سەجادی بەم شێوەیە ئاکرێ دەناسێنێت لەڕووی سەرژمێری خەڵکی ناو شارو هەموو قەزای ئاکرێ وە:

سەر ژماری ناوشار: ٦٤١٥ کەس.

هی هەموو قەزا: ٣٥٢٦٤ کەس

ژمارەی: ماڵ:١١٢٥، حەوت مزگەوت، ٢٤٦ دووکان، یەک گەرماو، دوو ئوتێل، دوو سەیرانگا

دووری ئاکرێ لەشاری مووسڵ بە ئۆتۆمبێل ٩٥ کیلۆمەتر (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 30، 38)

3. زاخۆ:

سەر ژماری ناوشار: ٨٢٢٥ کەس.

ژمارەی ماڵ: ١٢٥٠ ماڵ.

هی هەموو قەزا: ٣٩٧٧٤ کەس.

دووری زاخۆ لەمووسڵ: ١١٤ کیلۆمەتر (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 41، 48)

4. دهۆک:

سەر ژماری ناوشار: ٦٤٦٤ کەس.

هی هەموو قەزا: ٤٣١٧٢ کەس.

دووری زاخۆ لەدهۆک: ٥٣ کیلۆمەتر (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 51)

5. ئامێدی:

سەر ژماری ناوشار: ٢٨٨٧.

هی هەموو قەزا: ٤٧٦٤٩.

دهۆک – ئامێدی: ٩٤ کیلۆمەتر، بەڕێگەی ئۆتۆمبێل.

دوو قوتابخانەی ئیبتیدایی.

٥٥ قوتابی هەیە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 58)

6. بامەڕنێ:

سەر ژماری ئاوایی: ٢٠٠٠ کەس.

دووری سۆلاڤ لە بامەڕنێ ٣٢ کیلۆمەتر (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 74)

7. هەولێر:-

سەر ژماری ناوشار: ٣١٠٩١ کەس.

هی هەموو لیوا: ٢٦٣٧٥٣ کەس.

ڕێگەی مووسڵ- هەولێر: ٨٦ کیلۆمەتر. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 97)

لەناساندنی شاری هەولێر جۆرێک لەجیاوازی پێوە دیارە لەچاو شارو شارۆچکەکانی دیکە، چونکە لەناساندنی شاری هەولێر مامۆستا عەلائەدین سەجادی باسی لە پانتایی زەوی هەموو لیوا کردووە بە: ١٨١٧٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیی خەمڵاندوویەتی. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 97)

8. کەرکووک:-

سەر ژماری ناوشار: ٧٨٥٥٤ کەس.

هی هەموو لیوا: ٣١٤٦٠٥ کەس.

پانتایی زەوی هەموو لیوا: ٢٠٣٧٦ کیلۆمەتری چوارگۆشەیی.

-ڕێگەی هەولێر-کەرکووک بە ئۆتۆمبێل: ٩٥ کیلۆمەتر، بەشەمەندەفەر:٨٣ کیلۆمەتر.

-کەرکووک-بەغدا

بەئۆتۆمبێل: ٣٨٨ کیلۆمەتر، بەشەمەندەفەر:٣٢٢ کیلۆمەتر. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 112)

9. سولەیمانی:

سەر ژماری ناوشار: ٣٩٥١٠ کەس.

هی هەموو لیوا: ٢٤٩٠٤٠ کەس.

پانتایی زەوی هەموو لیوا: ٩٥٥٢ کیلۆمەتر چوارگۆشەیی.

ڕێگەی کەرکووک- سلێمانی بە ئۆتۆمبێل: ١١٤ کیلمەتر.

سلێمانی-بەغدا بە ئۆتۆمبێل:٥٠٢ کیلۆمەتر.

ژمارەی مزگەوت: ٤١.

کلیسەی گاوران :١.

خەستەخانەی گەورە:١.

مستە و سەف و شوێنی پاراستنی

ساوایان:٢.

گەرماو:٩.

گەراج:٥.

چایخانە: ١٥٣.

نانەوا:٤٢.

لۆقەنتە و کەبابخانە:٣٥.

دووکان: ٢٠٠

ئوتێل : ٦.

10. دووکان

لەناساندنی (دووکان) دا لەبەر ئەوەی ئەوکات گوندێکی بچووک بووە مامۆستا عەلائەدین سەجادی تەنها ئاماژەی بەدووری دووکان کردووە لەشاری سلێمانی و دەڵێت:

دووری سلێمانی لەدووکان ٦٧ کیلۆمەتر(عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 140)

11. قەڵادزە:

سەر ژماری ناوشار:٣٢١٤ کەس.
هی هەموو قەزا: ٦٣٧١٣ کەس.
نێوان دووکان قەڵادزە: ٦٣ کیلۆمەتر.
نێوان قەڵادزە سلێمانی: ١٣٠ کیلۆمەتر بەڕێگای ئۆتۆمبێل (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 147)

تەوەرەی سێیەم:تایبەتمەندی شارو شارۆچکەکان:-

بەهۆی جیاوازی هەڵسوکەت و ئاکار و عاداتی شارو شارۆچکەکان جۆرێک لە تایبەتمەندی لەزۆرێک لەناوچەکاندا بوونی هەیە، ئەمەش وەکو بەشێک لە مێژوو سەیر دەکرێت، بوونی ئەو تایبەتمەندیانە بەهۆکاری زیبدوومانەوەی گەلی کورد هەژمار دەکرێت، مامۆستا عەلائەدین سەجادی زۆر بەبایەخەوە لەم گەشتەیدا سەرنجی ئەم لایەنەی داوە وتۆماری کردووە، بۆ نموونە: لە تایبەتمەندیەکانی خەڵکی مووسڵ دەڵێ:

خەڵکی شاری مووسڵ ئەوەیان هەیە ئەگەر یەکێک پرسیاری شوێنێکیان لێ بکات زۆر بە پیاوانە ڕێنوێنی دەکەن ئەهلی مووسڵ،موسوڵمانیەتیان لە هەموو شت بەهێزترە، ئەهلی مووسڵ بۆ ئابووری و ئیقتسادیان گرەویان لەهەموو کەس بردۆتەوە، هەموو جۆرە بەزم و ئاهەنگێکیشی تێدا هەیە، وەکو ئەمە هەیە دیانەتیشی زۆرە تێدا ، مزگەوتەکانیان لەکاتی نوێژدا هەمووی پڕ دەبێت . (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 26)

یاخود لە تایبەت مەندییەکانی خەڵکی ( ئاکرێ ) دا دەڵێت : -

بە جۆریکی تێکڕای مەردمی ئاکرێ ڕووخۆش و شارستانین ، زوو لەگەڵ مەردمی نزا ڕێ ئەکەون (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 39)

لە تایبەت مەندیەکانی ( زاخۆ ) ش مامۆستا علاالدین سجادی دەفەرموێت :

مەردمی ناوشار هەموو ئیش و کارێکیان ، هەیە بەتایبەتی ( شاڵ – کر ) کردن سەرمایەیەکی تجارەتە بۆ ئەوێ، جل و بەرگی ئەو دەورە هەموو شەلوشەپکەو، جامانەیەک بە دەستوری لەچک ئەدەن بەسەریاناو جامانەیەکی تر ئەبەستن بە دەوریەوە (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 48-49)

لەتایبەتمەندیەکانی خەڵکی (دهۆک)یش دەڵێت:

مەردمەکەی ڕووخۆشن، جلی و بەرگیان شەل و شەپک و جامەدانەیە، جلی ژنانیان جوانتر بوو. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 57)

لەباسی (ئامێدی) و تایبەتمەندییەکانیاندا دەڵێت:

خەڵکی ئامێدی و دەرەوەی هەژارن، بەتایبەتی لەهی دەرەوەی پیاوێکم بەر چاونەکەوت کە جلەکانی لەدەپینەی ڕەنگاو ڕەنگ کەمتری پێوەبێ، پیاویان شەل و شەپک لەبەر دەکەن، جامەدانە لوول ئەدەن ئەیدەنە دەوری سەریان، ئافرەتی ئەم شارە خوێنێکی ڕاستەقینەی کوردییان هەیە، هەموو جوان و قشتن،سوور و سپی و قژ زەردن، لەم وڵاتە دزی کەمە، کارەساتی دەرەوە زۆرتر کە ئەبێ پیاو کوشتن و شەڕکردنە لەسەر ئاو و زەوی، ژن هەڵگرتن زۆرە، منداڵیان زۆر زەمان پاکن، بەهیچ جۆر نازانێ جێنێو چییە، ئاغا قسەی ڕەوایە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 74-75)

لەتایبەتمەندیەکانی خەڵکی (هەولێر) یش مامۆستا دەفەرموێت:-

ڕەوشت لە هەولێرا عەنعەناتی بنەماڵەیی هەیە، سەر زۆر لە عەیبە ئەکەنەوە، ئەو عەیبەیە کە هەندێک لەوان سەری لێ ئەکەنەوە، وەنەبێ لەڕاستیدا عەیبەبێ بەڵام واکردوویانە بە عەیبە، وەکو ئەوە گەلێ خێزانی وا هەیە لە قەڵاتیە نایەوێ بێتە خوارەوە بەلایەوە عەیبە، تەنانەت ئەڵێن: هیوا هەیە لە قەڵات تا ئێستاش چاوی بە خوارەوە نەکەوتووە، جلو بەرگ هی پیاوان کورتەک وشەڵواری نافەک درێژە، ئافرەت کە ئەڕوا بە ناو شار بە معنای کەلیمە داپۆشراوە، چار شێو وە یا عەبای ڕەشی بەسەرەوەیە، شێوەی پەچەکەیان وەک هێڵەکی ڕەش وایە، ساردو سرییەک هەیە لە ئیجتیماعیاتی هەولێر، (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 110 - 111)

لەتایبەتمەندییەکانی شاری سلێمانیشدا دەفەرموێت:

مەردەمی ئەم شارە بە زەوق و نوکتە بازن، خەم و خەفەت هەڵناگرن، یاسای دانیشتنی دیوەخانیان هەیە،بێگانە پەروەرن، غەریبێک ڕوو بکاتە ئەوێ، خۆی بە غەریب نازانێ، تەبیعەتیان عەشایرییە دیمەنی تەبیعەت و سەیرانیان خۆش لێ دێت، جلو بەرگیان قەومییە، کەوا و سەڵتە کەم بووەتەوە، ئێستا زۆرتر شەڕواڵ و ستارخانی وەیا شەڕواڵ و مرادخانییە، مشکی و جامەدانە ئەپێچن بەسەرەوە و پشتێن دەبەستن، جل و بەرگی ئافرەت کراسی درێژ و کەواو و لەچک و سەرپێچی خواری سرکەییە، ئافرەت سەربەستیەکی کوردی هەیە هاوابەشی ڕاستەقینەیی مێردەکانیان. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 182-183)

باسی دووەم:

گرنگی شارو شارۆچکەکان لەڕووی هەڵکەوتەی مێژوویی و جوگرافیەوە.

تەوەری یەکەم: شوێنە مێژووییەکان.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی، لەم گەشتەیدا هەموو ئەو بابەتانەی کە گرنگ بوە تۆماری کردوە بە تایبەتی لایەنی مێژوویی ئەو ناوچە کوردیانەی کە مێژوویەکی سەدان ساڵەیان هەبووە، ئەو جارێکی تر پێداگری لەو ڕاستیە مێژووییانە دەکاتەوە بۆ ئەوەی نەوەی نوێی کورد گرنگی وڵات و شارو شارۆچکەکانی لەڕووی مێژووی و جوگرافیەوە لەبەر چاوبێت.

هەر بۆیە بەڕیزبەندی ئەو شارو شارۆچکانەی کە مامۆستا ئاماژەی پێکردوون توێژەر ئاماژەیان پێدەکات.

1. شاری مووسڵ:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12426]
- **Submission Date:** [**28/2/2026**], **Accepted Date:** [**4/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

ئەم شارە وەختی خۆی شورەی هەبووە، ئێستەش لەبەڵگەی شورەکە هەر ماوەتەوە، ئەم شورەیە دە دەرگای هەبووە، ناوی هەندێک لە قاپیەکانی ئێستاش بەناوی کۆنەوە هەر ماوەتەوە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 27)

دارشتنی ئەم شارە زۆر کۆنە، ئەچێتەوە بۆ دەوری نەینەوا کە بەدوو کیلۆمەترێک کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە و لەسەر لێواری ڕووباری دیجلەوەیە، ئەم نەینەوایە لە هەزارەی چوارەمی پێش میلادا دێیەکی بچووک بووە و ئاشوریەکان هاتنە ناوی، لەدەوری سۆمەری و بابلیەکانا بوو بە شارێکی گەورە، تەنانەت کێ لە پاشاکانی ئاشووری کردی بە پایتەختی خۆی و پەرستشگایەکی گەورەی تێدا دروست کرد بۆ خوای (عەشتار) و پەیکەری ئەم خوایانەی لەوێنەی ژنێکی ڕووتدا دانا. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 28)

ئەم نەینەوایە هەتا ئەهات هەر پەرەی دەسەند و زۆر ئەبوو، لەدەورەی(سەنا خەریب) پادشای ئاشوری (٧٠٥-٦٨١ ) پێش میلاد) گەیشتە چڵە پۆپەی بەرزی، ئەم ناوی گەورەییەی بەم جۆرە هەر مایەوە تا لە ساڵی ٦١٢ پێش میلاد حکومەتی ئاشووری بەدەستی میدی و بابلییەکان دوایی هات و نەینەوا لە پایتەختی کەوت، ناوەکەیشی بۆیە پێیان ئەوت نەینەوا، چونکە هەر لەزەمانێکی زووەوە شوێن هەواری پەرستنی خوا(نینا) بوە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 28)

تەپۆڵکەیەکی شارەکە کە پێیان ئەوت (قوینچق) لەدەوروبەری سەرەتای سەدەی نۆزدە هەمدا دایانەوە، گەلێ لە بەڵگەی کۆشکەکەی سەنا خەریبی تیا دەرکەوت، تەنانەت کتێبخانەی (ئاشوور پانیپاڵ) هەر لەوێدا کە نزیکەی (٢٥) هەزار پارچە قوڕی نووسراویان تیا دەرهێنا و بردیان بۆ مۆزەخانەی بەریتانیا، لەساڵی ١٩٣٩ یشدا جارێکی کە دایانەوە بۆشت گەڕان (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 29)

مامۆستا عەلائەدین وردتر لەمێژووی ئەم شارە کۆڵیوەتەوە و ئاوڕێکی لەسەردەمی دەسەڵاتی ئارامیەکانیش داوەتەوە کە ڕۆڵیان لەم شارەدا هەبووە و دەڵێت :-

شوێنی نەینەوا و مووسڵ گەلێ ڕۆژگاری دیوە، ئەم شوێنە ئارامییەکان لەپێشدا پێیان ئەوت (قەڵای قایم) لەدەوری فارسەکاندا بە (نەو ئەردەشیر) ناو ئەبرا، لە ٦٣٧ ی زاینی (١٧ ی هیجری ) ( عیاض ) ی کوڕی غەنەم گرتی و کەوتە دەستی ئیسلامەکان و هێنای هەندێ عەرەبی ئەو وڵاتی حیجازەی لێ دانا ، گۆیا لەبەر ئەوەی کە جزیرە بە عێراقەوە ئەنوسێ ناوەکەشی نرایە ( موصل ) (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 29)

ئەم بەشەی کۆتایی کە مامۆستا ئاماژەی پێکردووە لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی بەڵگەیەکی ئاشکرای مامۆستا عەلائەدین سەجادی یە کە شاری موسڵی بەشارێکی کوردی داناوە، هەر بۆیە (عیاض کوڕی غەنەم) عەرەبی وڵاتی حیجازی بۆ هێناوە، کەواتە پێشتر عەرەبی تێدانەبووە و هاوردە بوون.

2. ئاکرێ:

لەڕووی مێژوویەوە مامۆستا عەلائەدین سەجادی بەم جۆرە باسی ئاکرێ دەکا کە زۆر بەوردی سەرنجی لەناو و شوێنوو چیا و دەوروبەری داوە و، ئەوەی کە لە دوو توێی سەرچاوە مێژووییەکان داهاتوە، بەپوختی تۆماری کردووە.

ناوی ئاکرێ وەکو لە ئەفسانەدا ئەیگێرنەوە: لەوەختی خۆیدا گەلێ پێش میلاد، یەکێ لە جێنشینەکانی زەردەشت هاتۆتە شوێنی ئاکرێی ئێستە، ئاگرێکی کردۆتەوە، ئەو ئاگرە گەلێ ماوەتەوە، پاشان لەو شوێنە ئەم شارە دروست کراوە، پێیان وتووە: ئاکرێ، بەدرێژی زەمان (ئاگرێ) بووە بە (ئاکرێ). (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 39)

لەڕووی ناوی (عەقرە) کە لەبری (ئاکرێ) بەکارهێنراوە، مامۆستا بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو دەڵێت:

ناوبردنی ئاکرێ بە(عەقرە) ئەمە لەپاشماوەی کلدانییەکانە، ئەگەینە ئەسڵەکەی ئاگرێ – ئاکرێیە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 39)

3. دهۆک:

مامۆستا عەلائەدین سەجادی شاری دهۆک و دەوروبەری بەمەیدانی بەر بەرەکانێی سەردەمی ئاشووری و ئۆرارتۆوەکان و شەڕ و پێکدادانەکانیان ناو زەد دەکات یان سەردەمی (سارگۆن) و (تەیموری لەنگ) و پەلامارەکانیان هەروەک دەڵێت:

جارێ کە چاوت بە ڕێبازی (دهۆک)، (دەرگەلی شێخ) و (قاشەفەڕ) ئەکەوێ کارەسات و بەرەبەرەکانێی ئاشووری و ئۆرارتووەکانت ئەکەوێتە بیر، کە چۆن ڕۆژگار ئەوانی شاردەوە و شوێنی جەنگ و هەرایان وەکو کونە بە پوو ئێستەش (هەی ڕۆژگار ئەکا)، وەیا (سارگۆن) ئەبێ ئەم لەم ناوەدا چ بارەگاو و قەڵا و کۆشکێکی ڕاکشا بێ و ئێستە سەرنگون بووە و،بووە بە واتەی ڕۆژگار، ئاخۆ وەختێ خۆی لێشا وە ترسێنەر دەکەی تەیمووری لەنگ لەم دەربەندانەوە چۆن پەلاماری وڵاتی دجلەی دابێ و بە چ عەنعەناتێکەوە خێوەتی لەو وڵاتەدا هەڵدابێ و ئێستە نە ناوێکی لەو وڵاتەدا هەیە نە نیشانێک، ئەوانە هەموو ئەڕۆن و ڕۆشتوون ئەوەی ماوەتەوە خاکی کوردانە لە بۆ کوردانە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 56)

4. ئامێدی:

مامۆستا لەناساندنی شارۆچکەی ئامێدی ئاماژە بە چەند لایەنی مێژووی دەکات، بۆ نموونە لەباسی مەدرەسەی ئامێدی دا دەڵێت:

ئەم هەیوانە لەبەردی مەرمەڕی زۆر نایاب دروست کرابوو، ئەیانوت:

ئەمە سوڵتان حسێنی عەباسی لە ٩٨١ هیجریدا دروستی کردووە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 61)

بەڵام مامۆستا ئەم بۆ چوونە ڕاست دەکاتەوە کە ئەم سوڵتان حسێنە سەر بە خەلیفەکانی عەباسی بوبێت، بەڵکو بۆیە پێیان وتووە عەباسی چونکە باپیرە گەورەی ناوی عەباس بووە و کورد بووە و هەر ئاغا

و پیاو ماقوڵی ئەم وڵاتە بوە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 61)

لەبنەڕەتی ئەم شارەوە و لە ڕووە مێژوویەکەیەوە مامۆستا عەلائەدین ئەفەرمێ:

ئەم سارە لەوەختی خۆیا هەر چواردەوری شورە بووە، لە بەڵگەی – نموونە – شورەکە ئێستەش ماوەتەوە، هەروەها دوو قاپی هەبووە قاپی (سەقاف) یا مووسڵ، ئەوی تر قاپیی(پاشا) یا زێبار، لەسەر قاپی سەقافەوە لەبەر بەرد دوو وێنە دوو پاشا هەڵکەنراوەکە نەیزەیان بەدەستەوەیە، دیسان لە وێنەی ئەم هەیکەلانە لەهی پادشاکانی میدیا و ئاشوور ئەچێ،(عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 67)

مامۆستا سەجادی بە بیرکردنەوەی لەم مێژووە کۆنە بیر لە ئەمارەتی شەش سەدە و نیوی با دینان دەکاتەوە و دەڵێت:

کە ئەمیرەکانی (بهاء الدينان) بەخۆیان و بە تفەنگچی و شیربە دەستەکانی کوردەوە چۆن لەم شوێنەدا بە دریژایی شەش سەدە و نیو ناوی ئەمارەتێکی کوردییان بۆ کورد هێشتوتەوە، چۆن ئەم شیر بەدەستانە و ئەم تیر ئەندازانە لە لێواری ئەم شوورە و قەڵایەوە پاسی ئەمارەتێکی شەش سەدە و نیو یان کردووە بۆ پاشە ڕۆژی تەئریخی کورد. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 67)

5. بامەرنێ:

لەڕووی مێژوویەوە مامۆستا سەجادی ئەم شوێنە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ئارامییەکان و دەڵێت:

ناوی بامەرنێ گویا لە نوسراوی ئارامییەکانا((بیث – مەرنێ))

واتە: شوێنی سەخت و هەڵدێر و نزار، لەڕاستیدا شوێنی ئەم گوندە سەخت و قایمە، ئەگونجێ کە (بیث) بە مانا جێگەی سەخت بێت، لە پاشا وردە وردە لە بەرزۆر وتن (بیث – مەرنی) بووبە (بامەرنێ). (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 86-87)

6. هەولێر:

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەمێژووی هەولێردا لەناوەکەیەوە دەست پێدەکات و دەڵێت:

ئەسڵی ناوی هەولێر (ئەربا – ئیلۆ) بووە، ئەم شارە لەبەر ئەوەی وەختی خۆی شوێنی خواکانی ئاشووری بووە، وە ئەو خوایانەش (ئەربا – ئیلۆ) یەعنی چوار خوا بوون، شارەکەشیان بە مفەڕکیی – پیرۆزی – ناوی ئەوانەوە بە ئەربائیلۆ ناوبردووە، موئەریخەکانی عەرەب کوردوویانە بە(ئەربل) کوردیێی ئەڵێن: هەلێر. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 101)

مامۆستا ئاماژە گێرانەوەیەکی ئەفسانەیی دەکات و دەڵێت:

گۆیا بە ئەفسانە ئەیگێڕنەوە ئەڵێن:

لەپاش شکانی ئاشوورییەکان بەدەست میدییەکانەوە، کوردەکان هاتوون بە شوێن ئەم خوایانەدا گەڕاون کە چەپاویان کەن، لە سەرەتا وا یان زانیوەکە ئەمان زۆر زلن، هەریەکە بە ئەندازەی کێوێک ئەبن، لەسەر ئەو نیازە زۆر گەڕاون هیچیان بەرچاو نەکەوتووە، کوتوپڕ کابرایەک چووەتە ژوورێک سەیری کردووە لەوێدان، بەسەرسامییەکی سەیرەوە بانگی هاوڕێکانی کردووە:

(هۆ – لێرەن)، هۆلێرەن بووە بە (هۆ-لێر) هۆ-لێر بە (هەولێر). (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 101-102)

مامۆستا هەولێر دەگەڕێنێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر و دەڵێت:

کەچاوم بە هەولێر و دەشتی هەولێر کەوت، کارەساتەکەی ئەسکەندەری ماکدوونی و داریووشی سێیەم – ئاخر پادشای هەخامانشی – م کەوتەبیر کە لە لە ٣٣١ی پێش میلاد ئەوشوێنەیان کردبوو بەمەیدانی جەنگ و، داریووش شکاو سەری خۆی هەڵگرت، ئەو شوێنە کە جەنگەکەی تێدابوو، یوونانییەکان پێیان ئەوت: (گا گومیلا)، فارسەکان پێیان ئەوت:(گۆگمل)، ئەو شوێنە ئێستە بە (گۆگناوا) بەناوبانگە و کەوتۆتە پشتی هەولێرەوە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 103)

7. کەرکووک:-

سەرەتای مێژووی ئەم شارە لای مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سەردە ناپال) پادشای بەناوبانگی ئاشوور، کە لەپاش دروستکردنی ئەم شارە هەندێ ئاشووریی هێناو تیایا دانا، بەم جۆرەمایەوە تاهاتنی (ئەسکەندەری ماکدوونی) کە ئەسکەندەر هات و کەرکووکی گرت، لەپاش ئەو بەر (سلوکوس) کەیەکێ لە سێ سەردارەکانی ئەسکەندەر بوو کەوت، ئەویش دیسان لێی زیاد کردو شوورە و خەندەقی بۆ دروستکرد و بەناوی (کەرخ سلووک) هوە ناوبانگی سەند، ئەویش وەکو پێشینی خۆی هەندێ تیرەی تری هێناو تیایادانا. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 113-114)

لەهۆکاری ناوی (کەرکووک) یان گەڕانەوەی بنچینەی ناو (کەرکووک)مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەفەرمۆێت:

پاش ئەوە کە (سلووکس) شارەکەی گرت و دەسەڵاتی بەسەرا پەیداکرد، ئارامییەکان پێیان ئەوت: (کەرخا – بیت - سلووک) واتە (کەرخینی) وە (کەرخینی) کە بەمانای شاری سلووکییەکانە، وا دەرئەکەوێ ئەم ناوی ئێستەیە: (کەرکووک) لە (کەرخ سلووک) هوە وەرگیراوە، بەکورت کردنەوەی هەردوو وشەکە،بەم جۆرە (کەرخ) کەر-: شار،سلووک – کووک: سلووکووس، ((سلووکووس: شاری سلووکس)) (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 114)

مامۆستا سەجادی ئاماژە بە بۆچوونی مێژوونوسانی عەرەب دەکات کە ئەم بابەتەیان زۆر ڕوون نەکردۆتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیەکە یاقووتی حەمەوی باسی قەڵای (کەرخینی) ئەکا هەر ئەوەندە ئەڵێ: ((قەڵایەکی بەرز و قایمە و لە دەشتێکایە، لەبەینی (داقوق) و (هەولێر) ئەم قەڵایەش لەسەر ئەپۆڵکەیەکی بەرزە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 114) ( ياقوت الحموی، معجم البلدان، ١٢٩/٧)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12426]
- **Submission Date:** [**28/2/2026**], **Accepted Date:** [**4/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

پاشان مامۆستا سەجادی ڕاو بۆ چوونی خۆی لەسەر ئەو تەپۆلکەیە دەردەبڕێت و دەڵێت:
ئەبێ بزانین ئەو تەپۆلکەیە کە ئەو باسی ئەکاو ئەڵێ: ئەو قەڵایە وابە سەرئەوەوە ئەمە لەناوەڕاستی هەزارەی دوو هەمی پێش میلاددا شارێک بووە بەناوی (ئەربەخا) و لەپاشا بووە بە (ئەرافا)، من وام بۆ دەرکەوتووە (هۆلاکۆ) لەپاش پەلاماردانەکەی بۆ سەر بەغدادا لە ساڵی٦٥٦ ی هیجری، لەو تورکمان و مەغوولانە کە گەڵی بوون، هەندێک لەم کەرکووکی ئێستەیە دانان بۆ بەربەستکردنی ئاژاوە لە وڵاتی بەغدادا – ئەگەر بوو – ئەمانەبوون بەنیشتەچێ و مانەوە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 114)

8. سلێمانی:

مامۆستا عەلائەدین سەجادی جگە لەوەی سەربوردێکی خێرای بەمێژووی شاری سلێمانی داکردووە و هەڵوەستەی لەسەر ناوەکەی کردووە کە لەچیەوە هاتووە ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:
ئەم شارە لە دەورەی ئیبراهیم پاشای بابانا لە ١٧٨٤ ی میلادی دروستکراوە و لەپاش (قەڵا چوالان) شوێن هەواری ئەمارەتی دوو سەد ساڵەی بابان بووە، ئەم شارە هەر چەند لە پێشا گوندێک بووە بەناوی (مەڵکەند) ی یەوە کە ئێستە ئەو (مەڵکەند)ی یە بووە بەیەکێک لەگەڕەکی شارەکە، وە هەر چەندە دانانی بەردی بناغەی شارەکە لە دەوری ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای بابان بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشا شارەکە بەناوی (سولەیمانی)یەوە بەناوبانگە بۆ ئەم ناوە چەند قسەیەک هەیە:
یەکێکیان ئەوەیە کە ئیبراهیم پاشا بەناوی سڵێمان پاشای والی بەغدادەوە ناوی ناوە، یەکێکیان ئەوەیەکە ئیبراهیم پاشا ئەم شارەی بە ناوی سڵێمان پاشای کوڕیەوە ناوناوە.
یەکێکیشیان ئەوەیە کە گۆیا لەکاتی هەڵکەندنی کۆشکی سەرای شارەکەدا ئەنگوستیلەیەک دۆزراوەتەوە ناوی (سڵێمان)ی لەسەر بووە، ئینجا بۆ مفەڕکی شارەکەی ناوی ناوە(سولەیمانی). (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 178-179)
ڕای مامۆستا عەلائەدین:
مامۆستا بەڕاشکاوانە دەڵێت:
ئەوەی بچێتە دڵی منەوە هەر ئەوەیە کە بەناوی سڵێمان پاشای والی بەغداوە بوویێت، چونکە داخی گرانم، کارەسات و شەڕو شۆڕی بابانەکان لە بەینی یەکا، وە هەردەمە پاڵدانی یەکێکیان بەیەکێ لەدوو حووکمەتی عوسمانی و ئێرانیەوە، وەهەرجارە نەجارێک براوە یا ئامۆزا ئەچوو برا و ئامۆزای خۆی ئەکووشت، یا بۆ ڕازیکردنی یەکێک لەو دوو حکومەتە، وەیا بۆ سواربوون بەسەر حوکما ئەوەش ئەکا بە ئیبراهیم پاشای بابان کە بۆ ئەوەی خۆی لەسڵێمان پاشای والی بەغداد نزیک خاتەوە ناوی شارەکەی بەناوی ئەوەوە بنێ (سولەیمانی)، ئەمەش هەر لەبەر ئەوە کەنەوەک والی بەغدا بکەوێتە سەر ئەوە مەحموو پاشای حاجی ئیبراهیم پاشا کە لەو سەردەمەدا لە ئێرانا بوو دڵنەوایی بکاتەوە و ئەمارەتی بابان پێبداتەوە، وە یا نەوەک والی بەغدا بکەوێتە سەر ئەوە کە لەپاش ئەوە کە بیستی مەحموود پاشا لەئێرانا کوژراوە ببینێ ئەمارەتی بابان بدا بە عوسمان پاشای کوڕی کە لەو سەردەمەدا لە بەغدا بوون. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 178-179)
تەوەرەی دووەم: خوێندن و نووسینی کوردی و ئەدەب و شیعر.
بەشێک لەو لایەنە پرشنگدارانەی کە مامۆستا تۆماری کردوون لە ماوەی گەشتەکەیدا و بەشێکی گرنگە لە ناساندنی ئەو شارو شارۆچکانەی کە سەردانی کردوون، لایەنی خوێندەواری و کوردی زانینە بە نووسین و قسەکردن و شیعر و ئەدەبیات بەداخەوە لەهەندێ شوێندا خەڵکی ئەو ناوچەیە نەیانزانیوە بەکوردی بنووسن، یان ئاگاداری ئەدەب و شیعری کوردی نەبوون، ئەمەش لەسەر دڵی نووسەر و هەموو کوردێکی بەئاگا داخ و کەسەرێکی زۆرە.
مامۆستا سەجادی لەگەشتەکەیدا و لەشاری مووسڵ دەڵێت: لەکتێبخانەی گشتی برسیم ئەم کتێبخانە کتێبی کوردیی تێدایە؟ وتی: نییە (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 23)
تەنانەت لەکتێبخانەی مۆزەخانەی مووسڵیشدا کتێبی کوردی نەبوە و مامۆستا دەڵێت: (لێرەشا کێبی کوردیم هەر نەدی). (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 24)
مامۆستا زۆر مکووڕ بووە لەسەر زمانی کوردی و پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی کە ئەبێ خەڵکی ئەم شارە کوردیانە بە باشی کوردی بزانن بە خوێندنەوە و نوسینەوە، هەر بۆیە لەشاری زاخۆ پرسیار لە حاجو ئاغا دەکات سەبارەت بە خوێندن و نووسین و خوێندنەوەی کوردی ،لەوەڵامدا حاجو ئاغا پێی دەڵێت:
(وەختی خۆی حازم بەگ ئەم فیکرەی هەبووە و خەڵکەکە زۆریان پێ خۆش نەبووە، سا لەبەر هەرشتێک بووە وتی: من خۆم بەو ناوە وەکە کوردم، لایەنگری ئەوەم ئەبێ: زمانی کوردی کە زمانێکی قەومییە، پێی بخوێنرێ و پێی بنووسرێت بەڵام داخی گرانم کەس نەئەزانێ پێی بنووسێ، نەئەزانێ پێی بخوێنرێتەوە. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 45-46)
لەکۆتایی یاداشتەکانی خۆی لەسەر زاخۆ مامۆستا دەڵێت:
ئەم وڵاتە بەهیچ جۆر نازانن کوردی بخوێننەوە، لەم ڕووەوە زۆر دواکەوتوون، هەستی زۆریان بەلای ئەوەدا ناچێ، هیوایان هەبوو کە قسەی کوردی نووسین وخوێندنەوەم لەگەڵ ئەکرد ملێکی بائەداو بەلایەوە شتێکی سەیر بوو، وەکو تا ئێستە گوێچکەی بەو قسەیە ئاشنا نەبووبێ وابوو، بەڵام ئەم دەستەیە وەنەبێ زۆربن، دەستەی خوێندەواران زیاتریان ئەو باوەڕەیان هەیە کە ئەبێ زمانی کوردی پێی بنووسرێ و پێی بخوێنرێتەوە، وە هەستی کوردی وە نەبێ خراب بێ، ئەوە ئەمانی دواخستووە ئەوە یەکە ئەڵێن: ئێمە نازانین بەزمانی سۆرانی بخوێنین و بخوێنینیەوە، ئەمەیە زیاتر بووە بەهۆی پاشکەوتنیان، منیش ئەموت: تۆ بەشێوە کەی خۆت بنووسە و بخوێنەوە، ئەم نووسینەی تۆ بەدوا یی پەرت ئەبێ و ئەکەوێتە وڵاتی سۆرانەکان، هی ئەوانیش ئەکەوێتە ئێرە، لەئاخرا ئەم نووسینانە ئەبنە هۆی لێک تێگەیشتن لەهەموو ئەم وڵاتانەدا زمانی کوردی لەمەکتەبا

نا خوێنرێ، تەنانەت ڕادیۆش بەشی کوردیش زۆر کەم ئەکەنەوە لەلایەن شیعر و ئەدەب بەڵگەی کوردییەوە قسەم لەگەڵ هەر کەس ئەکرد ئەیوت: (ئەز بەنی ئەز نزانم)، هی وا هەبوو زۆر بەم شێوەی خۆمە قسەم لەگەڵ ئەکرد و ئەویش گوێی بۆ ئەگرت، (ئەز بەنی ئەز نازانم تەچە دبێژی) (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 50)

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لەم گەشتەیدا و لەپاڵ هەوڵدان بۆ ناسین و ناساندنی بەشێک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەهەر هەلێک بۆی ڕێکەوتبێ لەگەڵ گەورە پیاوان و کاربەدەستانی ناوچەکە بابەتی کوردی نووسین و فێربوونی لەگەڵیاندا کردۆتەوە، لەسەردانی بۆ شاری دهۆک و بینینی شێخ نوور محمد، پرسیاری زمان و ئەدەبی کوردی لێدەکا دەڵێت: وتم ئەم زمانەی ئێمە لە شانیا هەیە کە بەهەموو جۆر پێش بخرێ کەچی لەو وڵاتەدا وەکوو ئەبینم ئەوەندە بەتەنگیەوەنین!! سەیرم کرد پەژارەییەک رووی تێ کردو دەردە دڵێکەوە وتی:مامۆستا ئەوەی سلێمان نەزیف والیی مووسڵ کردی لەدەورەی عەبدولحەمیدا، بۆ هیچێ بە ئێمە هێشتووە؟ بەبێ سوو چ و لەسەر هیچ هێنای بابای من شێخ نوور محەمەدی گەورە بەریشی سپیەوە لەگەڵ شێخ بەهائەدینی بامەڕنێ و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی گرتنی، ئەم سێ شێخەپایە بەرزە کە لەسەر بەرماڵ ڕێبەری دیانەتیان بۆ خەڵک ئەکرد ، بردنیە مووسڵ ، شێخ عەبدوسەلامی خنکان، شێخ بەهائەدین نێررایەوە، شێخ نوور محەمەدی خستە زیندانی خنکانەوە

لەپاش پێنج ڕۆژ لەبەر نەخۆشی بردیانە خەستەخانە، زۆری پێ نەچوو لەوێدا مردو، لەپاشا نەیهێشت تەرمی ئەو پیاوە بەرزە شمان دەست کەویتەوە، هەر لە مووسڵ ناشتیان، ئەم کارەساتەش لەبەر هیچ نەبوو، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە ئەمانە وتبوویان بەبابی عالی کە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی لەم وڵاتەدا بەجێ بهێنرێ و زمانی کوردی بخوێنرێ. (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 52-53)

لەشاری ئامێدیش کە لەگەڵ مفتی محمد سعید ئەفەندی ئەکەوێت گفتوگۆ دەربارەی شیعر و ئەدەب و زمان دەکەن ، پاشان مامۆستا ئەڵێت:

(لەشیعر و زمانی کوردیدا زۆر بێ ئاگابوو، وتی: ئێمە وە یا ئەوەندە گوێ بەم جۆرە شتانە نادەین، وتی: من پیاوێکم حکوومی وتم: ئەفەندی من پیاوێکی سیاسی نیم و دەخڵم بەسەر سیاسەتەوە نییە، من قسە لەزمانەوە ئەکەم وە یاشتێکی ترەوە؟ تۆزێ لەخۆی بوردەوە و وتی: بۆیە ئەڵێم چونکە ئێمە نازانین بە کوردی بنووسین) (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 62)

تەوەری سێیەم: گرنگی ئەم گەشتە لای نوسەر:

مامۆستا عەلادین سەجادی لەسەرەتای کتێبەکەیەوە (گەشتێک لە کوردستانا ) باس لە خولیاو ویستی خۆی دەکات بۆ بینینی ئەو شوێنانەی کوردەواری کە نەیدیون ، بەمەبەستی تۆمارکردنی وەکو بەشێک لە مێژوو تەماشا بکرێ و خەڵکی کەڵکی لێ وەربگرن ، هەربۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 1955 زایینی ئەم گەشتە دەستپێدەکات و ئاواتەکەی دێتەدی ،

مامۆستا لەم گەڕانە ٣٩ ڕۆژییەدا چی بەرچاو کەوتبێ وە یا کێی دیبێ هەمووی تۆمار کردوە ، ئیتر چاوی لەوەنەبوە کە ئەمە بەهۆی ناو هێنانی کەسێکەوە یا ناوبردنی شوێنێکەوە گەشتەکە نرخێکی دەبێ یا نابێ ، لەم گەشتەدا ناوی هەرکەسێ هێنراوە لەقەبی پارێزراوە (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا، 15)

مامۆستا بەداخێکی گرانەوە دەڵێت:

ئەمە دیسان داخی گرانم وڵاتی کوردەواری بەخاک و مەردمیەوە ئەوەی پێی بڵێن پرو پاگەندە نییەتی ، نەبونی ئەم سوچەی ، بەتەواوی دانیشتوەکانی لەبیری خۆی بردوەتەوە لە بیری غەیری خۆیشی هەر بردوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قەومەکانی تر ___بەتایبەتی ئاوروپاییەکان___ هیچ هەنگاوێکیان بۆهیچ شوێنێک هەڵنەهێناوەتەوە بەبێ ئەوە کەنەتخەنە سەرقاقەز .بەهۆی ئەم فەرمانەوە کە کردویانە بێجگە لەوە کە ئاشنای خێرو بێری هەموو وڵاتێک بوون ، قەومی خۆیان و غەیری خۆیشیان لەتام و لەزەتی تاریخ بەشدارکردوە (عەلائەدین سەجادی ، گەشتێک لە کوردستانا،15- 16)

## 5.کۆتایی:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا، گەشتینەئەم دەرەنجامانە کەلەم خاڵانەدا تۆماریان دەکەین:

1- گرنگی گەشت وگەڕان بەدوای ناسین و شارەزابوون لەناوچەجیاجیاکان لەسەرئاستی جیهانی وناوچەیی خولیای کەسانی دڵسۆزبوون لەگەڕیدەوزاناو شارەزاکان، لەنێوکوردیشدامامۆستاعەلادین سەجادی بەرچەشکێنی ئەم لایەنەمەزنەدادەنرێت.

2-ناساندنی لایەنی جوگرافی ومێژوویی یازدەشاروشارۆچکەی باشووری کوردستان گرنگی وبایەخی خۆی هەیە ، کەسەراپای دانیشتوانی ئەم ناوچانە کوردبوون بەکەمێک جیاوازی بیروباوەڕ لەنێوان مۆسوڵمان وفەلەوجوەکاندا.

3- ئەم گەشتەی مامۆستا چەندین ناوی گرنگی ناوچەوشوێن وکەسایەتیەکان بەخوێنەرو نەوەی داهاتووی کوردناساندوە ،ئەگەرئەم گەشتەی مامۆستاسەجادی نەبوایە ئەوانیش دەرۆشتنەخانەی فەوتانەوە.

4- دەستنیشانکردنی لایەنی لاوازی هەندێ لەوشوێنانە گرنگترینیان شارەزانەبوونی خەڵکی هەندێک لەوناوچانە لەنوسینو خوێندنەوەی کوردی.

5- بێ لایەنی لەدەرخستنی ڕاستیەکان ودەستنیشانکردنی خاڵی لاواز بەهێزی ئەم کتێبەی مامۆستایە .


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12426]
- **Submission Date:** [**28/2/2026**], **Accepted Date:** [**4/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

6- سەرژمێرییەکی ووردی دانیشتوان و شێوازی جل وبەرگ وکاروکاسبی دانیشتوانی ئەوشارانە بەهای مێژوویی خۆی هەیەو ئەکرێ لەسەرژمێری نوێ سوودیان لێ وەربگیرێ.

7- ناساندنی کاربەدەستە ئیدارییەکانی ئەوسەردەمەو تۆمارکردنی ناوی فەرمانگەو کارمەندەکانی ، نرخی ئۆتۆمبێل وئوتێل ونانخواردن بەزیندوویی هێشتنەوەی مێژووی حەفتاساڵ زیاتری دانیشتوانی بەشێک لەشاروشارۆچکەکانی باشووری کوردستانە.


**Abstract**

Throughout history, Kurdish intellectuals relocated to Baghdad to advance their scholarly contributions, significantly impacting the region's intellectual landscape. Among these figures, Aladdin Sajjadi stands out for his monumental work in Kurdish literature and history. This paper examines Sajjadi’s 1955 travelogue, *A Journey in Kurdistan*, in which he meticulously documented the geography and social traditions of Southern Kurdistan over 39 days. By analyzing Sajjadi’s firsthand observations and factual records, this research illuminates key historical aspects of the period and invites further academic inquiry into the rich cultural legacy of the Kurdish people



**ملخص**

على مر التاريخ، انتقل المثقفون الأكراد إلى بغداد لتعزيز إسهاماتهم العلمية، مما أثر بشكل كبير على المشهد الفكري للمنطقة. ومن بين هؤلاء، يبرز علاء الدين سجادي بفضل عمله الرائد في الأدب والتاريخ الكرديين. تتناول هذه الورقة البحثية كتاب سجادي "رحلة في كردستان" الصادر عام ١٩٥٥، والذي وثّق فيه بدقة جغرافية وتقاليد جنوب كردستان الاجتماعية على مدى ٣٩ يومًا. ومن خلال تحليل ملاحظات سجادي المباشرة وسجلاته الواقعية، يُسلط هذا البحث الضوء على جوانب تاريخية رئيسية من تلك الفترة، ويدعو إلى مزيد من البحث الأكاديمي في الإرث الثقافي الغني للشعب الكردي.


## 6.سەرچاوەکان


1. سەجادی،عەلادین:بیبلۆگرافیاو پێرستی لەکتێبی کوردیدا 1939 –2012، بوار نورالدین.
2. عەلادین سەجادی ،گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: بەرگی سێیەم ،بەشی یەکەم ،1975
3. عەلائەدین سەجادی ژیان وبەرهەمەئەدەبیەکانی – شیکارییەکی ئەدەبییە – د. فاروق نەقشبەندی ، 2013، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.
4. كوردستان العراق في ضوء التعدادات السكانية، للدكتور خليل اسماعيل محمد، اربيل 2011 م.
5. گەشتێک لە کوردستانا، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ، پێداچوونەوە: نەجمەدین براخاسی 1399 هەتاوی، ئینتیشاراتی کوردستان.
6. معجم البلدان للشيخ الامام شهاب الدين آبى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى ت ٦٢٦
7. یادی سەجادی، کۆکردنەوەی: دلێر عەلادین سەججادی، چاپخانەی ئیشبیلیة لە بەغدا 1987 ز.
8. ئینسکلوپیدیای کورد و کوردستان، ئامادەکردنی لیژنەیەک، بەرگی یەکەم، ڕێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە، چاپی یەکەم 2018 ز.